

میکایل:

# کە بەرهەمەکانم کاریگەرییان نەبێت بەخۆم دەڵێم بەسە

• تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخیشت بینیوە بە هەموو ناخۆشیەکانییەوە، ئایا ژیانی پێشمەرگایەتی هۆکارێك نەبووە کە ئێوە زیاتر لە هونەرمەندانی دیکە پەیوەست بن بە پاراستنی هونەری کوردی و نەکەوتنە ژێر کاریگەریی هونەری دیکە؟

- هونەری دەریایەکی قووڵ و بەرفراوانە و هەر کەسێك چۆنی بوێت بەو شێوەیە دەیکات، بۆیە ئەگەر کەسێك بە تورکی یان عەرەبی یان ئینگلیزی و بە زاراوە کوردییە جیاجیاکان گۆرانی بڵێ کەس بۆی نییە پێی بڵێ وابکە یان وامەکە یان ئەمە دروستە و ئەوی دیکە هەڵەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بزانین نەتەوەیەکین هونەرمان وەك هەموو لایەنەکانی ژیان لەژێر دەسەڵاتی خۆمان نەبووە، چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە هونەر لەژێر سایەی دەسەڵاتدا دەپشکوێت و دەگەشێتەوە، بۆیە کە دەسەڵاتی خۆمان نەبووە میللەتێك بووین رقیان بەرامبەرمان هەبووە، لەسەرمان دراوە، کوژراوین، کیمیا باران و ئەنفال کراوین، بۆیە تا ئەو رۆژەی کە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکدەگرنەوە و پێناسەی راستەقینەی خۆمان دەبێت و ئاڵای کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوە و میللەتی کورد بە هەموو مافەکانی خۆی شاد دەبێتەوە، تار ئەو رۆژە پێویستە هونەرمەندەکان خاوەن هەڵوێست بن و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و کەلتووری لەبەرچاو بگرن، هەوڵ بدەن ئەگەر بەرهەمەکانیان چەند نوێکاری تێدا بێت پێویستە هەوێنەکەی کوردەواری بێت و کەلتووری میللەتەکەی خۆیان بەباشی بناسن و پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ جەماوەر هەبێت لەرووی کلیپ و شیعر و دابەشکردن و ئاوازەوە، چونکە ئەمە بە قازانجی هونەرمەندان دەبێت و بەرهەمەکانیان بۆ زۆرترین کات لەنێو خەڵکیدا دەمێنێتەوە و ئەو بەرهەمانەی کە رەچاوی ئەم خاڵانە ناکەن وەك بڵقی سەر ئاو دەبن.

• هونەرمەند بەر لەوەی مەشق بکات و خۆی ماندو بکات پێویستە بەهرەیەکی هەبێت، تۆ بەر لەوەی ببی بە پێشمەرگە خاوەن بەهرەیەکی هونەری بووی، کاتێك کە چەکی پێشمەرگایەتیت خستە سەر شان، چۆن توانیت ئەم هەستە هونەرییەی خۆت دەربخەی لەلایەك پێشمەرگە و لەلایەکیش هونەرمەند؟

- لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا لە شار و گوند و ئەو ناوچانەی کە ئازاد بوون سیمینار و چالاکیی هونەریمان ئەنجام دەدا تەنانەت لە شاخیش ئەم جۆرە چالاکیانەمان هەبوو، بەو شێوەیە هەردوو بەشی ژیانی پێشمەرگایەتی و هونەریم بەردەوام بوو، لە گوتنی سروودی نیشتمانی و گۆرانی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ئێمەی کورد خاوەنی چەند هونەرمەندێکین کە لەم بوارەوە مێژوویەکی هەیە رەنگە چەندین کەس بەهۆی گۆرانی و بەرهەمەکانیانەوە خۆیان بە کوشتدا بێت یان زیندانی و شوێن بزر کرابن، بۆیە من هونەر بە گەورەترین چەك دەزانم کە میللەت بتوانێت کەڵکی لێ وەربگرێت، بەڵام سەبارەت بە خۆم لە بواری هونەری نزیکەی ١٠-١٥ ساڵ دابڕام بەهۆی بریندار بوونم کە توانای کاری هونەریم نەما لەو ماوەیەدا.

• بەر لەوەی ببیت بە پێشمەرگە پێوەندیت لەگەڵ هونەردا چۆن بوو؟

- ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم لە تەمەنی دە ساڵیدا بەر لە نزیکەی ٣٥ ساڵ لەو رێکخراوانەی ئەو کات بەناوی فەرهەنگ و هونەری هەبوون و ساڵانە لە بۆنە جیاجیاکاندا چالاکیی هونەری و فەرهەنگییان هەبوو، هەروەها لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی مهاباد چەند گۆرانییەکم گوت.

• ئەی کە رووت لە شاخ کرد چۆن لەگەڵ هونەر بەردەوام بوویت ؟

- دواتر سەردەمی پێشمەرگایەتی هات، منیش یەکێك بووم لەو گەنجانەی رووم لە شاخ کرد و بەردەوام بووم تا ساڵی ١٩٨٤ هەر ئەو ساڵیش بە سەختی بریندار بووم، لە ساڵی ١٩٨٥ رووم لە ئەورووپا کرد، چەند ساڵێك لەبەر سەختی برینەکانم نەمتوانی چالاکی ئەنجام بدەم و هەر خەریکی چارەسەر و سارێژکردنیان بووم.

• لە ئەورووپا چۆن درێژەت بە کاری هونەری خۆت دا ؟

- هەر کەسێك کە خاوەن بەهرەیەکی هونەری بێت، ناچارە ئەو بەهرەیە دەردەخات و دەری دەبڕی ئەگینا وەك کرمی زەوی خۆی دەخوات، دوای چەند ساڵێك بە هاوڕێ کۆنەکانم ئاشنا بوومەوە، لەگەڵ هونەرمەند ناسر رەزازی چووم بۆ ئاهەنگێك وابزانم جەژنی نەورۆز بوو، ئەو کات ئاشنا بووم بە موزیکژەنەکان، هونەرمەند کاوە هاوکاری کردم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ لە نەوەدەکان، هەروەها چەند کلیپێکیشم تۆمار کرد کە زۆریان دەهاتنەوە کوردستان و جەماوەر پێی ئاشنا بوون، زۆر جار بە پێکەنین پێیان دەوتم ئەم کلیپانەی تۆ نیوەی خەڵکی بردە ئەورووپا، دواتر چەندین بەرهەمی دیکەم بڵاو کردەوە.

• هونەرمەندیش وەك هەر مرۆڤێك دەگاتە ئاست و تەمەنێك کە نەتوانێت کارێك پێشکەش بکات لە کاری پێشووی باشتر بێت، واتە دەگاتە ئاستێك کە بەخۆی بڵێ ئیدی بەسە، تۆ تا چەند ئەو توانا و بڕوایەت بەخۆت هەیە کە بەردەوام بیت؟

- بە بڕوای من هەموو هونەرمەندێك وەك مرۆڤ هەلومەرج و تەمەنێکی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەورووبەر و بۆچوونی هونەرمەندەکە بۆ هونەرەکەی چۆنە، ئەو هونەرمەندەی لە تەمەنی مندا بێت و بەرهەمەکانی بۆ ئەو کەسانە بن کە تەمەنیان لە سەرووی پەنجا ساڵەوەیە پێموایە تەنیا پێنج ساڵی دیکەی لەناو هونەر ماوە و دەبێ بڕوات، بەڵام من هەمیشە هەوڵمداوە گەنجان گوێ لە بەرهەمەکانم بگرن بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە گوێ لە بەرهەمەکانی من دەگرن، چونکە من وەك خزمەت لە هونەر دەڕوانم و بە ئارەزووی و راوێژ و ویستی گەنجان گۆرانی دەڵێم و سەیر دەکەم لە هەر شوێنێك کەموکوڕی هەیە هەوڵ دەدەم پڕی بکەمەوە، من شانازی بەوەوە دەکەم کە توانیومە گۆرانی بە کوردی بڵێم لە تورکی و عەرەبی و فارسی نەچێت و گەنجەکانمان گوێی لێبگرن و شانازیی پێوە بکەن لە هەمان کاتدا بۆ هەموو تەمەنێکیش بگونجێت، بە راستی تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە واز لە گۆرانی بهێنم، چونکە تەمەنم گونجاوە و هێشتا هەندێکم ماوە، بەڵام دڵنیابە بەر لەوەی رێم لێبگیرێت و ناچار بم، خۆم ئەو بڕیارە دەدەم.

• کەی بەخۆت دەڵێی بەسە؟

- ئەو کات کە نەتوانم پێوەندیی رۆحی و رەوانی و هونەری لەگەڵ گوێگران ببەستم و هەست بکەم ئەو کارانەی دەیکەم ناچێتە نێو دڵی جەماوەر و نابێتە یادگار و بە زیندوویی نامێنێتەوە، بێگومان ئەو کاتە نەبوونی ئەو بەرهەمە زۆر لە بوونی باشترە.

هونەرمەندی خاوەن ئەزموون میکایل یەکێکە لەو کەسانەی کە ماوەیەکی تەمەنی خۆی وەك پێشمەرگە بەسەر بردووە، هاوکات لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە لە گۆرانی گوتن و ئەویشی بە جۆرێك لە خەباتی نەتەوەیی پێویست بینیوە بۆ پاراستنی کەلتوور و هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی، میکایل لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



# ریهانا بۆی هەیە خیانەت بکات

کریس براونی خۆشەویستی کچە گۆرانیبێژ ریهانا دانی بەوەدا نا کە لاریی نییە لەوەی خۆشەویستەکەی خیانەتی لەگەڵدا بکات، بەمەرجێك لەگەڵ ئافرەتێك بێت نەك لەگەڵ پیاو و بە کارێکی سەرسوڕهێنەری وەسف کرد.


ئەم لێدوانەی کریس لەو کاتە هات کە لەلایەن چەند کەسێکەوە ئاگادار کرایەوە لەوەی ڕەنگە لە میانەی ئەو گەشتە هونەرییەی ریهانا ئەنجامی دەدات، کەسانێك هەبن داوای خۆشەویستی لێبکەن و سەروەت و سامانی خۆیانی بخەنە بەر دەستی، کریس ریهانای بە ئافرەتێکی سەربەخۆ وەسف کرد و ترسی خۆیشی دەربڕی لەوەی ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان دووچاری غیرە ببێت لە پێوەندییەکانی ریهانا و لەم بارەیەوە وتی: من گەنجێکی ئاساییم، بەڵام دەربارەی کار و ڕەفتارەکانی ریهاناهیچ کاتێك لێی ناپرسم، چونکە من بڕوا و متمانەیەکی تەواوم پێی هەیە و هیوادارم ئەویش ئەو متمانەیە لەبەرچاو بگرێت، کریس ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئێستا خەریکی چاککردنەوەی هەڵەکانی پێشووی خۆیەتی و زۆریش ئاسوودەیە لەگەڵ ریهانا و هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە جیابوونەوەیان دەکەن.



## براد بیت بیر لە جەنگی جیهانی دەکاتەوە

ئێستا ئەستێرەی سینەمای جیهانیی براد بێت سەرقاڵی خوێندنەوەی سیناریۆیەکی نوێی واقعییە لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و ئەم سیناریۆیەشی بە بەشێك لە پرۆژەکانی داهاتووی خۆی داناوە.

فیلمەکە بەناوی (Fury) دەبێت لە نووسین و دەرهێنانی دیڤید ئایرە کە خاوەنی سیناریۆی فیلمی (Training Day)یە و لە ساڵی رابردوو یەکەم کاری دەرهێنانی ئەنجامدا کە بریتی بوو لە فیلمی (End of Watch) و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، چیرۆکی فیلمەکە باس لە پێنج کەس دەکات کە تیمی سەربازی تانکێکی جەنگین لە رۆژەکانی دوایی جەنگەکە، دەربارەی فیلمەکە ئایر دەڵێ: فیلمەکە بریتییە لە دروستکردنی وێنەیەکی راستەقینە و ژمارەیەك لە سەربازەکان لە کاتی جەنگدا، هەروەها کار کردنە لەسەر چەند کەسایەتییەکی ئاڵۆز وەکو پێنج سەربازی ناو تانکێك و گەمارۆدانی سەربازەکان وەك بەشێك لەو کوشتنەی کە روودەدات، شایەنی باسە ساڵی رابردوو براد بێت لە فیلمی (Inglourious Basterds) بەشداری کرد لە چارەسەر کردنێکی نیمچە خەیاڵی جەنگی دووەمی جیهان لەگەڵ دەرهێنەر کوینتن تارنتینۆ.



## رۆبی خزمی موبارەک دەرچوو

دوای ئەوەی دادگای میلانۆ رازی نەبوو گوێ لە قسەکانی سەماکاری مەغریبی کەریمە مەحروقی بگرێت لە کێشەی لەگەڵ سیلڤیۆ برلسکۆنیی سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا، ئەم سەماکارە بڕیاری دا لە دەرەوەی دادگا مان لە خواردن بگرێت.

کەریمە کە بە رۆبی ناسراوە ئەو تۆمەتانەی رەت کردەوە گوایە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەو کات تەمەنی ١٧ ساڵان بووە پێوەندی لەگەڵ برلسکۆنی هەبێت بەرامبەر بە بڕە پارەیەك و رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك ئەو کات پێوەندی لەگەڵ برلسکۆنی نەبووە، بەڵام رێگای پێنەدراوە راستییەکان باس بکات.

بەڵام لە پێشهاتێکی نوێدا رۆبی ئاشکرای کرد کە خۆی وەك خزمی حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووی میسر نیشانداوە و برلسکۆنیش بڕوای بەو قسەیەی کرد و جارێکیان تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد و داوای لێکرد کە نەوەی حوسنی موبارەك ئازاد بکەن کە گیرا بوو.


## راغب عەلامە بە درۆیەک کەوتە گرفتەوە



زۆر لە کەسایەتییە هونەری و ئەدەبییە ناودارەکان هەمیشە لە رۆژی یەکی نیساندا چاوەڕێی قسە و رووداوی سەیر دەکەن لە هاوڕێکانیان بۆ ئەوەی بە بیانووی درۆی نیسانەوە دواتر کاتێکی خۆش بەسەر بەرن و وەك نوکتە بۆ یەکتریی بگێڕنەوە. راغب عەلامەی ئەستێرەی لوبنانی دووپاتی کردەوە کە ئەم ساڵ دووچاری کێشەیەکی گەورە بۆوە بەبۆنەی یەکی نیسانەوە، چونکە هەندێ خۆی بە گاڵتەوە ئەوەی بڵاوکردبۆوە کە لە بەرنامەی (Arab Idol) پاشەکشەی کردووە. راغب ئاشکری کرد کە بە گاڵتە ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام چاوەڕێی نەدەکرد ئەم هەموو کەسە پێوەندی پێوە بکەن و لە راستی و درووستی هەواڵەکە بپرسن بە نامە و بە تەلەفۆن، بۆیە لە کۆتاییدا ناچار بوو ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە و راستی هەواڵەکە ئاشکرا بکات، یەکێك لەو کەسانەی کە زوو پێوەندی پێوە کرد خانمە گۆرانیبێژی ئیماراتی ئەحلام بوو و بێزاری خۆی دەربڕی ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باشتر بوونی پێوەندی نێوانیان دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك ئاسایی نەبوو.

بەهار حوسێنی:

# گۆرانیبێژەکانی ئێستا، شیعری کوردی لە موزیکی تورکی و فارسی و عەرەبی موتوربە دەکەن



ساڵی ١٩٨٣ لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریۆسە لە زمان وئەدەبیاتی فارسی، هەرچەندە بەهار حوسێنی وەك شاعیر ناسراوە،بەڵام بڕوانامەی سینەمای لاوانی ئیرانی لە بواری وێنەگری هەیە، زۆربەی شیعرەکانی دەچنە خانەی شیعری ئازادەوە و لەو دیمانەیەدا باس لە پێوەندیی نێوان شیعر و تێکستی گۆرانی دەکات.

***پێتوایە شاعیرە پیاوەکان جگە لە غەزەل و باس کردنی لایەنە غەریزییەکانی تایبەت بە ئافرەت، ئایا وەك شۆڕشگێڕێك وێنای ئافرەتی کوردیان کردووە لە شیعرەکانیاندا؟**

- بەڵێ. لە شاعیرانی کلاسیکی ئێمە، کەسانێکی وەک هێمن و قانع و هێدی و چەندین کەسی دیکە ئەو کارەیان کردووە. بۆ وێنە شیعری «ئەختەر کچە کوردی چاومەست»ی مامۆستا هێمنی مهابادی نموونەیەک لەم جۆرە شیعرەیە. لە شاعیرانی نوێخوازیش ژمارەیەک لە شاعیرانی کورد لە حەفتاکان و هەشتاکاندا ئەو کارەیان کردووە، بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر و چەندین شاعیری دیکە، وەک شۆڕشگێڕیش باسی ئافرەتیان کردووە. لە سەردەمی ئێستاشدا شیعری «کچە ئەویندارەکانی قەندیل»ی قوبادی جەلیزادە نموونەی ئەو جۆرە ڕوانینەیە بۆ ئافرەت.

*** بۆچی بە دەگمەن شیعری ئافرەتان (بەتایبەتی شیعری ئەڤینداری) دەکرێتە گۆرانی جا لەلایەن ئافرەت یان پیاوی گۆرانیبێژەوە بێت؟**

- پێم وایە دەبێ ئەو پرسیارە لە گۆرانیبێژەکان بکەن.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە هونەری گۆرانی وتن لە کوردستان لە قەیراندایە و هونەری بێگانە تێکەڵ بە هونەری کوردی کراوە، نەبوونی شیعر یاخود بڵێین تێکستی گۆرانی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە؟**

- نا بە بڕوای من ئەم دووانە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە. بۆ نموونە گۆرانیبێژێکی کورد ئاوازەکەی لاسایی کردنەوەیەکی تەواوی گۆرانیی فارسی، تورکی یا عەرەبییە، چ پەیوەندییەکی بە بوون یا نەبوونی دەقی شیعرەوە هەیە؟ خۆ ئەو گۆرانیبێژانە لە ئەنجامدا هەر دێن دەقێکی کوردی دەڵێنەوە، بەڵام جگە لە دەقەکە و ئەو وشانەی دێتە سەر زاریان هیچ شتێکی دیکەی گۆرانییەکەیان کوردی نییە. کێشەکە لەوە دایە کە گۆرانیبێژەکانی ئێستا، شیعری کوردی و دەقی کوردی لە موزیکی تورکی و فارسی و عەرەبی موتوربە دەکەن و شتێک دەخوڵقێنن کە لە ئەنجامدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانین پێی بڵێین مۆسیقای کوردی.

***یەکێك لە مەرجەکانی شیعری گۆرانی ئەوەیە کە گوزارشت لە هەستێکی ئینسانیی پاك بکات بەرامبەر بە هەر ڕووداوێك خۆشی بێت یان تراژیدیا، ئایا لەم بوارەدا شاعیرانی کورد تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

- من پێم وایە شاعیرانی ئێمە زۆر بە سەرکەوتوویی توانیویانە تەعبیر لە خۆشی و تراژیدیاکانی میللەتەکەیان بکەن، بەڵام ئایا ئاوازدانەرەکانمان توانیویانە ئاوڕ لەو شیعرە باشانە بدەنەوە و بیانکەن بە گۆرانی؟

***ئێستا هەست بە بوونی ڕەوتێك دەکرێت لەلایەن هەندێك لە ئافرەتە شاعیرەکان ئەویش ئەوەیە خۆیان لە جیاتی پیاو وەسفی جوانی و لەش و لاری خۆیان دەکەن و هەندێك جار زیاتر لە پیاوەکان، تۆ ئەمە بە جۆرێك لە جورئەت دەزانیت یان خوێندنەوەت بۆ ئەمانە چییە؟**

- بە ڕای من شاعیر بەر لە هەر شتێک دەبێت لە پێشدا لەگەڵ خۆی و پاشان لەگەڵ بەردەنگەکانی و خوێنەری شیعرەکانی ڕاست بێت و درۆیان لەگەڵدا نەکات. شاعیر بۆی هەیە باس لە هەر شتێک بکات بە تایبەت باس لە خۆی و لەشی خۆی. بەڵام گرنگ ئەوەیە دەربڕینەکەی چەندە داهێنەرانە بێت. شاعیری ژن دەبێت ڕوانینی بۆ جەستەی خۆی ڕوانینێکی ژنانە بێت نەک لە ڕوانگەیەکی پیاوانەوە و تەنیا وەسفی لایەنە سێکسییەکانی لەش و جەستەی خۆی بکات.

***ئایا لەشیعردا هەر شاعیرێك شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە؟**

- نەخێر مەرج نییە، بەڵام ئەو شاعیرانەی بتوانن لە شێوازدا داهێنان بکەن و شێوازی خۆیان هەبێت، ئەوا تەمەنی شیعرەکەیان درێژتر دەبێتەوە. چونکە داهێنان لە هونەردا مەرجێکی زۆر سەرەکییە. بەڵام دەکرێت شاعیر لە شێوازدا داهێنەر نەبێت و لە سەر شێوازی نووسینی شاعیرێکی دیکەیش داهێنان بکات و بەرهەمی زۆر جوانیش دابهێنێت. بۆ وێنە هەتا ئێستاش بەشێکی زۆر لە شاعیرانی لاو نەیانتوانیوە لە شێواز و دەربڕینی شاعیرانی پێش خۆیان داببڕێن. کێ هەیە بڵێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کاریگەریی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی بە سەرەوە نەبووە.



# دیمەنی دوو ژنی ئەنفال کراو



تابلۆیەکی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، ساڵی ٢٠١٢ کراوە بە ئەکریلیك و مەرەکەب لەسەر کاغەز، ئەم تابلۆیە لە هندستان فرۆشراوە.